**پێشنیازی یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق**

**پێشەکی :**

کارمەندانی تەندروستی ئەو توێژە بەر فراوانەی ناوەندی تەندروستیە کە ئەمڕۆ لە نێو کایەی زانستی و ڕێکخراوەییدا لە سایەی مێژوویەکی پڕ لە کێشمەکێشی سەردەمیانەدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە گەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستانەی خۆی و بە گەرخستنی تواناکان و ڕێکخستنەوە و کاراتر کردنی ئەرکەکانیان ، تا لە ئاستێکی بالآتر دا ڕۆڵی خۆی بەرجەستە بکات لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بۆ خەڵکی کوردستان , لە هەمان کاتیشدا خەباتی ڕێکخراوەیی خۆی لە فۆرمێکی نوێدا بۆ دەستبەرکردنی مافە دیموکراسی و مەدەنی و پیشەییەکانی کارمەندانی تەندروستی ئاراستە بکات ، بەو ئومێدەی لە ئایندەدا زامنی زیاتری ئازادی بێت و ئاسۆیەکی ڕونتر بۆ ئایندەو خەباتی ڕێکخراوەیمان والاتر بکات لە هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵدا, هەر لەو ڕوانگەیەوە سەندیکابە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت لە چوارچێوەیەکی یاسایی دا هەوڵەکانی بخاتە گەر بۆ گۆرانکاری بنەرەتی لە سیستەمی تەندروستی دا بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی هەرێم کە تیایدا مافی هاوولاتی و مافە پیشەیی و مەدەنیەکانی توێژەکانی ناوەندی تەندروستی پارێزراو بێت .

## بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم : –**

مەبەست لەم گوزراشتانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :–

١ – هەرێم / هەرێمی کوردستانی عێراق .

٢– وەزارەتی تەندروستی /وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان .

٣– سەندیکا/ سەندیکای پەرستاران و پیشە تەندروستیەکانی کوردستان.

٤– پیشە تەندروستیەکان

سەرجەم پیشە تەندروستیەکان کە ناو و ناونیشان و بروانامەیان لەم یاسایەدا هاتووە یان هەر پیشەیەکی تر بۆ پیشەی پزیشکی و تەندروستی کە لە سەندیکاو لایەنە پەیوەندیدارەکان پەسەند دەکرێن.

٥/ کۆنگرەی گشتی/ کۆنگرەی گشتی سەندیکا

٦ / دەستەی گشتی/ ( دەستەی بالآی سەندیکا )

٧ -بگۆردرێت بە نەقیب : نەقیبی سەندیکا

٨- دەستەی بالآ: دەستەی بالآی سەندیکا

٩ - ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری : ئەنجومەنی ڕاوێژکاری سەندیکا

١٠- لق : لقەکانی سەندیکا

١١- کۆمەڵەی زانستیەکان : کۆمەڵەی زانستی پیشە جیاوازەکان .

١٢- نۆرینگە :شوێنکاری تایبەتی پیشە تەندروستیەکان.

١٣- لیژنەی تەندروستی: لیژنەیەکی تەندروستی سەندیکایە بە چاودێری وەزارەتی تەندروستی تاقی کردنەوەی پێشوەختەی پراکتیکی و تیۆری بە داواکارانی مۆڵەتی پیشەی دەکات .

١٤-( otc) : ئەو چارەسەرە سەرەتایی و پێداویستیە پزیشکیە ڕێگەپێدراوانەیە کەبەبێ پسوولەی پزیشك ڕاستەوخۆ لە لایەن پیشە تەندروستیەکانەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت کە ساڵانە یان دوو ساڵ جارێك ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHOتازەگەری و نوێکاری بۆ دەکات .

## ماددەی دووەم :-

سەندیکای پەرستاران وپیشە تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمدایە ،خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە و بۆی هەیە لقەکانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان بکاتەوە )

## ماددەی سێ یەم :-

سەندیکا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کاردەکات :-

١ - بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی سەربەخۆی و چەسپاندن و ( پەرەپێدانی بنەماکانی دەوڵەتێکی مەدەنی ) ئەم رستەیەی ناو کەوانەکەی بۆ زیاد بکرێت.

٢ –ڕێکخستنی کاری (پەرستاران و پیشە تەندروستیەکان ) لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ومافی پێدانی مۆڵەتی کارکردنی پیشەیی دوای دەوامی فەرمی لە تۆمار کردن و وەرگرتنی رسومات و هاوبەشی سالانە .

٣ – ڕێکخستن و پتەوکردنی پەیوەندی ئەندامەکانی لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ دەزگا حکومی و تایبەتیەکاندا و داکۆکی لێکردنیان و بەرگری کردن لە مافەکانیان تا بتوانن ئەرکەکانیان باشترجێ بە جێ بکەن .

٤ – پەرە پێدان و بەدیار خستنی ڕۆڵی پەرستاران و پیشە تەندروسیتەکان و پێشخستن وبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پیشەیی ئەندامەکانی لە هەرێمدا هەماهەنگ لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا .

٥ – هاندان و پشتگیری کردنی توێژینەوە زانستیەکانی ئەندامانی و بەستنی ( کۆنفرانس و سیمینارو خول بۆ ڕێکردنی لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی و تەندروستی لەناووەو دەرەوەی وولات .

٦ – پەیوەندی و هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو سەندیکاو کۆمەلانەی کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکایەك دەگرێتەوەو هەروەها بە شداری یەکتری کردن لە کۆنگرەو خولەکان لە ناوەوە و دەرەوە هەرێم .

٧ – هەوڵدان بۆ زامنکردنی مافی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و خانەنشین و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەندامان ) .

٨ –مافی دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت بۆ دەرچوانی کۆلیژو پەیمانگا تەندروستیەکان بەهێنان و دابەش کردنی پێداویستی پزیشکی و موادی جوانکاری بەپێ ی ڕێنماییەکانی تۆماری کۆمپانیاکان تایبەت بە پیشەی خۆیان.

٩ – دامەزراندنی صندوقی کۆمەك و هاوکاری کارمەندانی تەندروستی کە لە کاتی کاری پیشەییان دووچاری نەخۆشی و گرفتی تەندروستی دەبن و دابین کردنی مووچەی خانەنشینی بۆ ئەو کارمەندانەی لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن.

**ماددەی چوارەم**: پارێز بەندی : ئەندامانی سەندیکا پارێزبەندی دەیانگرێتەوە بەرامبەر هەر کێشەیەکی یاسایی پێش بانگکردن و لێپێچینەوە. سەندیکای لێ ئاگادار بکرێتەوە ئەگەر تایبەت بوو بە کاری پیشەییەوە .

## بەشی دووەم

(( چوونە پاڵ سەندیکاو ئەندامێتی ))

### ماددەی پێنجەم :

ئەندامێتی دەبێت ئەم مەرجانەی لێ بێنەدی :

١ – لە هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێ و تیایدا نیشتەجێ بێت.

٢ – بە تاوانێکی نا سیاسی یان کەتنێکی ئابرووبەر حوکم نەدرابێ .

٣ –دەرچووی یەکێك لە بەشە تەندروستیەکان بێت کە لە لایەن هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو تەندروستیەوە دانپێدانراو بێت.

٤ –دەستەی باڵای سەندیکا بۆی هەیە ئەوانەی لە بواری تەندروستی دا کاردەکەن بکاتە ئەندام کە خاوەن پیشە تەندروستیەکانن .

٥ –چوونە پاڵ سەندیکا ئارەزوومەندانەیە , دوای پەسەند کردنیهاوبەشی ساڵانەی لە ئەستۆدایە تا ئەو کاتەی وازهێنانی لە ئەندامیەتی بە فەرمی پێشکەش دەکات.

### ماددەی شەشەم :–

١ – چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەکی نوسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب یا لێپرسراوی لقەکان دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانیشی پێوە دەلکێنرێ .

٢ – داواکاری چوونە ناو سەندیکا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی تۆمار کردینەوە لە سەندیکا دەخرێتە بەردەم دەستەی باڵا بۆ براندنەوەی لەو ماوەیەدا و ئەگەر لە کاتی تەواو بوونی ئەو ماوەیەدا نەبڕاندرایەوە بە قەبووڵ کراو ئەژمار دەکرێ .

٣ –دەستەی باڵا  بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەتبکاتەوە خاوەنی داواکاریش بۆی هەیە لە لای دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربووینەوە تانەی لێ بدا و بڕیاری دادگاش یەك لایی کەرەوە یە .

٤ – رەسمی بوون بە ئەندام (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینارو هاوبەشی ساڵانە نوێکردنەوە بری (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار ) .

٥- دوای پەسەندکردنی بوون بە ئەندام هەموو ماف و دەست کەوتەکانی سەندیکا دەیگرێتەوە .

## بەشی سێیەم

پێکهاتەکان و کار بەڕێوەچوون

### ماددەی حەوتەم :-

سەندیکا پێك دێ لە :-

١ –کۆنگرەی گشتی

٢ –دەستەی باڵا

٣ – ئەنجومەنی ڕاوێژکاری سەندیکا

٤– لقەکانی سەندیکا

٥ – کۆمەڵە زانستیەکان .

### ماددەی هەشتەم :-

یەکەم: کۆنگرەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێت کە لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکان هەڵبژێردراون بە ڕێژەی (٠,٥٪) نیو لە سەدی زێدەباری نەقیب و جێگرو ئەندامانی دەستەی باڵای کارا, کەهەموو پابەندییەکانی خۆیان جێ بە جێ کردووە بەپێی ئەم یاسایە , بە باڵاترین دەسەڵات دەژمێردرێ , بە هەر (٤) ساڵ جارێك بە بڕیاری دەستەی باڵای سەندیکا و بانگهێشتی نەقیبکۆنگرەی گشتی ئاسایی دەبەستێت بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و (٨) ئەندام و (٢) ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنەوەی ئەندامیەتی دەستەی باڵای سەندیکاو نیسابیش بە ئامادەبوونی (نیوە+١)ی ئەندامانی ( کۆنگرەی گشتی ) تەواو دەبێ .

دووەم : ١ – ئەگەر کۆنگرە لە وادەی خۆی نەبسترێت وە پاساوی گونجاوی وەك ڕوودانی کارەساتی سروشتی و مرۆیی و جەنگ هەبوو دوای ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا کۆنگرە ببەسترێت .

٢ – ئەگەر کۆنگرە لە ماوەی شەش مانگدا نەبسترێت دەستەی باڵا دەبێتە دەستەی ڕایی کردن تا ئامادە کردن و بستنی کۆنگرە .

سیٚ یەم : پێش تەواو بوونی ماوەی یاسایی سەندیکا کە لە سالێك زیاتری ما بێت و هەل و مەرجێکی سەندیکایی بێتە ئاراوە کە پێویستە سەندیکا کۆنگرە ببەستێت دەبێت .

١ – دوو لە سەر سیٚ ی ئەندامانی دەستەی بالا داواکاری بۆ بەستنی کۆنگرە پێشکەش بە نەقیب و جێگری نەقیب دەکات .

٢ – ئەندامانی کۆنگرە بە رێژەی نیوە + یەك بانگهێشت دەکرێن و کۆنگرە ئەنجام دەدرێتەوە .

٣ – ئەگەر نیوە + یەك ئامادە نەبوو دوای پانزە رۆژ لە وادەکەی هەر چەند لە ئەندامانی کۆنگرە ئامادە بوو کۆنگرە نیسابی یاسایی وەردەگرێت .

## ماددەی نۆیەم :–

کۆنگرەی گشتی ئەم دەسەلاتانە بەرێوەدەبات :–

١ – راستاندنی بوودجەو حسابکاری دوماهی .

٢ – گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر راپۆرتی دەستەی بالا .

٣ – چاو پیاخشاندن بەو پێشنیارانەی لە بارەی هەموار کردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون .

٤ – بریاردان لەسەر پەیرەوی ناوخۆ و هەموارکردنی .

٥– هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی دەستەی بالا.

## ماددەی دەیەم :–

دەستەی بالای سەندیکا پێك دێت لە :–

١ – نەقیب ، دەبێت سالانەی خزمەتی لە پیشە تەندروستیەکەیدا لە (١٥) سالٚ کەمتر نەبێت .

٢ – ئەندامانی دەستەی بالا دەبێت سالانەی خزمەتی لە پیشە تەندروستیەکەیدا لە (١٠) سالٚ کەمتر نەبێت .

٣ – کاندید بۆ نەقیب و ئەندامانی دەستەی بالا لە پێنج سالٚ ئەندامیەتی سەندیکا کەمتر نەبێت .

## مادەی یازدەهەم :-

١. ئەنجومەن لەنێوان ئەندامەکانی خۆیدا بە هەڵبژاردنی نهێنی سکرتێرێك هەڵدەبژێرێت لەیەکەم کۆبونەوەیدا کەلە دوای هەڵبژاردن دەکرێ و دەسەلاتەکانی لە پەیرەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێت
٢. لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی باڵای سەندیکاجێگری نەقیب و لێپرسراوی بەشەکان دیاری دەکرێت .
٣. بەشەکان بریتین لە ( کارگێری –دارایی – ئامار –ڕاگەیاندن – پەیوەندییەکان – پسپۆری پیشەکان– پشکنین و بەدوادا چوون )
٤. دەستەی باڵای سەندیکامانگی جارێك کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدا هەروەك دەتوانی کۆبونەوە نا ئاساییەکان بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێیەکی ئەندامان ببەستێت مەرجە دوو لە سەر سێ ئەندامانی دەستەی باڵا بە نەقیب و جێگرەوە ئامادە بن.
٥. ئەندامانی دەستەی باڵای سەندیکا بە دەست لە کارکێشراوە دادەنرێت ئەگەر :- لە سێ کۆبوونەوەی ئاسایی یەك لە دوای یەکدا ئامادە نەبێت بەبێ پاساوی گونجاو یان لە (٥) کۆبوونەوەی پچڕ پچڕ لە ماوەی یەك ساڵدا .

## ماددەی دوانزدەهەم :-

ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری سەندیکاپێك دێت لە ( دەستەی باڵا + لێپرسراوی لقەکان + لێپرسراوی کۆمەڵە زانستیەکان )

١. هەر دوومانگ جارێك کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات هەروەك دەتوانێ کۆبونەوە نائاساییەکان ئەنجام بدات لەسەر داواکاری نەقیب و ٣/٢ دەستەی باڵا یان داواکاری زیاتر لە لقێکی سەندیکا .
٢. بەرپرسیارە بەرامبەر دەستەی باڵای سەندیکا و جێ بەجێکردنی بڕیارەکان کە بەرژەوەندیە باڵاکانی سەندیکا دەپارێزێت .

٣. دەتوانێت پلان و پێشنیار و بیرۆکە بۆ ئایندەی سەندیکا بخاتە ڕوو بۆ باشتر بەڕێوەبردنی سەندیکا لە ناوە و دەرەوەی هەرێم .

٤. هەر هەڵوێستێکی ڕێکخراوەیی بۆ هەر خواست و مافێکی گشتی سەندیکا و ئەندامانی بێت لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری سەندیکا هەڵسەندگاندنی بۆ دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدەرێت بە ٣/٢ ئەندامانی وکارکردن بە بریارەکانیش ملزمە بۆ هەموو ئۆرگانەکانی سەندیکا .

٥. لقەکان ناتوانن هەڵوێستی ڕێکخراوەیی بۆ هەر کێشەو گرفتێکی سەندیکایی ئەنجام بدات بەبێ ڕاوێژ و وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری .

## ماددەی سیانزەهەم:.

**دەسەڵاتەکانی دەستەی باڵای سەندیکا:-**

**باڵاترین دەسەڵاتە دوای کۆنگرەی گشتی سەندیکا .**

**١ –کارکردن لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا .**

**٢ – پێشکەش کردنی پێشنیارەکان دەربارەی هەموار کردن و گۆرانکاریلە یاسای سەندیکا .**

**٣ –جیٰ بە جیٰ کردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی**

**٤ –گرێبەست و دامەزراندنی کارمەندان لە سەندیکا ودیاری کردنی مووچە و شایستە دارایەکانیان.**

**٥ – بریاردان لەسەر داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکا لە قبول کردنی بوون بە ئەندام ومافی پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کارکردن دوای دەوامی فەرمی بەپیٰ ی ڕێنماییەکان و پشتگیریکردنی ئەندامان و داکۆیکردنیان لەبەردەم دادگاکان .**

**٦ –دیاری کردنی ئەوەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا لە لیژنە فەرمیەکان و ئەوانی تر لە بارێك دا کە نەقیب نوێنەرایەتی نەکا .**

**٧– هەواڵە کردنی ئەو کێشە وسکاڵانەی کە بۆی دێن بۆ بەشی پشکنین و بەدواداچوون.**

٨ – بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی پێشنیارەکان لە بارەی تەشریعەکان و پلانەکان و بەرنامە تەندروستیەکان هەماهەنگ لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمدا وە ڕەچاو کردنی نوێنەرایەتی سەندیکا لە لیژنەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٩ –ئامادە کردنی بوودجەی ساڵانە و دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاری کردنی حسابکاری دوماهی .

١٠– خۆ ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردن .

١١–تەماشا کردنی دەست لە کار کێشانەوەی نەقیب یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی دەستەی باڵا یان لیژنەکانی سەندیکا .

١٢– دامەزراندن و بەرێوەبردنی یانەکانی سەندیکا بەگوێرەی یاسای بەرێوەبردنی کۆمەڵەکان .

١٣ –پێدانی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە نەقیب یا لێپرسراوی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.

١٤– سەرف کردنی خەرجیە پێویستەکان .

١٥– بڕیار بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش بەولایەنەدا دەشکێ کە نەقیب تێدایە . .

١٦– دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی گشتی و تایبەت بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی سەندیکا .

١٧– بانگهێشتکردن و لێپێچینەوە لە سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری .

١٨– ڕێنمایی کارگێری و دارایی دەردەکات بەپێ ی ڕێنمایی یەکانی ژمێریاری و یاسایی پەیرەوکراو بۆ دەستەی باڵاو لقەکان .

١٩– دەسەڵاتی لادانی نەقیب وجێگرو ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری سەندیکایهەیە بەرێژەی (٣/٢) دەنگی ئەندامان لە کاتی لادان لە بەرنامەو پەیرەو و پرۆگرامی سەندیکا.

٢٠– کردنەوەی لقی نوێ لە کاتی بوونی هەرناوچەیەك بە پارێزگایان ئیدارەی سەربەخۆ

٢١– دەسەڵاتی کردنەوەی کۆمەڵەو سەنتەرویانەی ڕۆشنبیری و زانستی تەندروستی و خولی فێرکردنی بەردەوام تایبەت بە کارمەندانی تەندروستی هەیە بەپێ ی پسپۆری و زانستی و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە .

٢٢–دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان کە داهاتی سەندیکای پێ زیاد بکرێت و هەر وەها ئەنجامدانی گرێبەست و بەکرێدان کڕین و فرۆشتن .

٢٣– دەسەڵاتی کردنەوەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی و سایتی تایبەت بە خۆی هەیە .

## ماددەی چواردەهەم :–

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ

١. نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لە لای لایەنە دادوەری و کارگێری و سەندیکاکاندا و ڕاستاندنی مامەڵەو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە سەندیکا وە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەریەکێ لە ئەندامانی دەستەی باڵا کە خۆی دەست نیشانی بکالە کاتێکدا کە جێگر ئامادە نەبوو .

٢. سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستە باڵاو ئەنجومەنی ڕاوێژکاری .

٣. فەرمان پێکاری خەرجی و شایستەدارییەکانەو راپۆرتی دوماهی دارایی پەسەند دەکات

## مادەی پانزەهەم :–

١. ئەگەر جێگەی نەقیب بە هەر هۆیەکەوە چۆڵ بوو جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە .

٢. ئەگەر پایەی نەقیب و جێگرەکەی چوڵ بوون ئەوا بە تەمەن ترین ئەندامی دەستەی باڵا لە ماوەیەی یەك هەفتەدا سەرپەرشتی یەك کۆبوونەوەدەکات تا یەکێك لە ئەندامانی دەستەی باڵادەست نیشان بکرێت بۆ ڕاپەراندن و ڕایی کردنی کارەکان بۆ ماوەی (٢) مانگ و ئەگەر ماوە خولی سەندیکا لە (٦) مانگ زیاتری مابێت لەوکاتەدا دەستەی باڵا ئەندامانیکۆنگرە بانگهێشت دەکات بە مەرجێك لە نیوە + یەك کەمتر نەبێت بۆ هەڵبژاردنی (نەقیب و جێگری نەقیب)

## بەشی چوارەم

## حوکمەکانی دارایی

**ماددەی شازدەهەم :-**

دارایی سەندیکا پێك هاتووە لە :-

١. ڕەسمەکانی چوونە ناو سەندیکا و هاوبەشی ساڵانە .

٢. بەخشینەکانی حکومەتی هەرێم .

٣. ڕەسمەکانی ( دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی پیشەیی کارکردن دوای دەوامی فەرمی و پێدانی کارتی کارکردن).

٤. داهاتی کرێ و پرۆژەو یانەکان و چاپەمەنی و پیتاك و قازانجی ئەو بۆنانەی کە سەندیکا دەیانگێڕێ .

٥. ئەو بەخششانەی لایەنە ڕەسمیەکان و نیمچە ڕەسمیەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدەن و ئەو پیتاك و لە قەبەر کردنانەی کە لایەنەکانی تر پێشکەشیان دەکەن دوای ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان.

٦. کۆی گشتی داهاتی سەندیکا دەگەڕێندرێتەوە بۆ دەستەی باڵا بەپێ ی ڕێنماییەکان خەرج دەکرێتەوە بۆ ئۆرگانەکانی سەندیکا .

## بەشی پێنجەم :

## دەست دانە پیشەی پەرستاری کارمەندانی تەندروستی لە دوای دەوامی فەرمی

**ماددەی حەڤدەهەم :**

نابێت پیادەی پیشەی تەندروستی بکرێت لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بەکرێ بوو یان بێ بەرامبەر تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە مۆڵەت پێدراون بەپێ ی ئەم یاسایە

**ماددەی هەژدەهەم:**

لەسەر هەموو خاوەن پیشەیەکی تەندروستیە کە ئارەزووی پیادە کردنی پیشەکەی هەبێت لە هەرێمی کوردستان دوای دەوامی فەرمی پێویستە داواکاریەك بۆ پێدانی مۆڵەت پێشکەش بە سەندیکا بکات .

## ماددەی نۆزدەهەم:

## مەرجە گشتیەکانی دەستدانەکاری پیشەیی

پێویستە ئەم مەرجانە لە کەسی داواکراودا هەبێت کە داوای تۆمارو پێدانی مۆڵەت دەکات سەرەڕای مەرجە تایبەتیەکانی هەر پیشەیەك .

١. دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت

٢. حوکم نەدرابێت بە کاری تاوان و نا سیاسی یان بە تاوانی ئاکار .

٣. دەبێت تەندروست بێت لە نەخۆشی دەروونی نا تەواوی جەستەیی ( کەکار بکاتە سەر ئەنجامدانی پیشەکەی ) .

٤-ئەندامێتی لە سەندیکا هەبێت لانی کەم بۆماوەی ساڵێك .

٥. سەرجەم ئەو موڵەتانەی پێش ئەم یاسایە رێکخراوە سەرلە نوێبەراییەکانیبەرایی پشکنینی بۆ دەکرێت بەپێ ی ئەم یاساییە نوێ دەکرێتەوە

٦. پێویستە بەڵێنامە بدات بەو پەیوەستە داراییەی کە دەکوێتە ئەستۆی لە باج ورسوماتی سالآنە.

٧. نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی سالآنە لە مانگی کانوونی دووەم بۆ کۆتایی مانگی ئاداری هەموو ساڵێك دەبێت ، بەڵام ئەگەر بەبێ مەهانەی ڕەوا دواکەوت ئەوا سەر لە نوێ ڕەسمی تۆمار کردنی نوێ ئەدات .

٨. مۆڵەت پێدراوە پیشە تەندروستیەکان پێویستە پابەند بن بە مەرجە تەندروستی و تەکنیکی و ڕەچاو کردنی پاك و خاوێنی شوێنکارو ئامێرو کەل و پەلەکان .

٩. مۆڵەت پێدراوە پیشە تەندروستیەکان پێویستە تەنها لە یەك شوێن کار بکات .

١٠.پێویستە خاوەن مۆڵەت پێدراو خۆی لە شوێنی کارەکەی خۆی کاربکات ، ئەگەر هاوکاری هەبوو پێویستە کارتی کارکردنی هەبێت .

١١.هەموو ئەو پیشانەی پێش پێدانی مۆڵەت لە لایەن لیژنەی پیشەیی تەندروستی تاقی کردنەوەی پێشوەختەی پراکتیکی و تیۆری ئەنجام دەدەن بە چاودێری وەزارەتی تەندروستی

١٢ – دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ هەر بڕگە و ماددەیەکی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی .

١٣ – بەڵگەنامەی کارکردنی پیشەیی لە لایەن سەندیکاوە ڕێك دەخرێت و لە لایەن وەزارەتی تەندروستی پەسەند دەکرێت .

## ماددەی بیست:

مۆڵەت پێدراوە پیشە تەندروستیەکان نابێت هیچهێمایەك بەکار بهێنێت بەدەر بێت لە پیشەکەی خۆی و نابێت هیچ ڕاپۆرتێکی پزیشکی یان بەڵگەنامەی مردن بدات ، جگە لە بەڵگەنامەی منداڵ بوونی دەرەکی کە لە لایەن مامانی مۆڵەت پێدراو و ڕاپۆرتی شیکارییەکان لە لایەن شیکاری نەخۆشیەکان

ماددەی بیست و یەك :

سەرجەم پیشە تەندروستیەکان هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆراو ماستەرو کۆلیژو پەیمانگاو ئامادەیی پیشە تەندروستیەکان و خولی برین پێچی پەرستاری متمانە پێکراو پێویستە دەرچووی یەکێك لە کۆلیژو پەیمانگاو ئامادەییەکانی هەرێم یان دەرەوەی هەرێم بێت و خزمەتی لە کەرتی گشتی یاخود تایبەتدا هەبێت بۆ .

١ – دکتۆرا و ماستەر ڕاستەخۆ مۆڵەتیان پێ دەدرێت .

٢– بکالۆریۆس دوو ساڵ .

٣– پەیمانگا سێ ساڵ .

٤– ئامادەیی چوار ساڵ

## ماددەی بیست و دوو :

**هەر پیشە تەندروستیەك شوێنکاری تایبەتی بە خۆی دەبێت لە دوای دەوامی فەرمی.**

## ماددەی بیست و سێ :

بۆ هەر پیشە تەندروستیەك سەندیکا بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی لایەن پەیوەندیدارەکان بەپێ ی ئاستی زانستی بڕوانامە ڕێنمایی تایبەت بۆ هەر پیشەیەك و مەرجەکانی شوێنکارەکەی دیاری دەکرێت .

## ماددەی بیست و چوار :

پیشە تەندروستیەکانی ڕێگەپێدراو بەم یاسایە بریتین لە .

١ – هەڵگرانی بڕوانامەی ( دکتۆرا و ماستەر ) لە پیشە تەندروستیەکان .

٢ – پەرستاران ( زانکۆ– پەیمانگا – ئامادەیی– قوتابخانە ) .

٣ – پەرستارانی مامانی ( زانکۆ– پەیمانگا – ئامادەیی– قوتابخانە) .

٤ – ( ی.پزیشك – ی.تەندروستی – ی.تەكنیكاری تەندروستی – ی.دەرمانساز– چارەسەری فیزیكی ( كۆلیژو پەیمانگا ) – شیكاری نەخۆشیەكان ( كۆلیژو پەیمانگا )– ی.بێهۆشكار ( كۆلیژو پەیمانگا )– تەندروستی كۆمەڵ ( كۆلیژو پەیمانگا ) وێنەگرانی تیشك ( كۆلیژو پەیمانگا) پشكنەری چاو ( كۆلیژو پەیمانگا) – تەكنیكارانی دروست كردنی ددان ( كۆلیژو پەیمانگا) – پەلی دەستكرد ( كۆلیژو پەیمانگا)– فرۆشتنی پێداویستی پزیشكی ).

٥ – هەر بڕوانامەیەكی تر كە لە كۆلیژو پەیمانگاكانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم لە بواری زانستی تەندروستی دێتە ئاراوە .

<u>ماددەی بیست و پێنج :</u>

سەندیكا سەرجەم بڕگەو ماددەكانی ئەم یاسایە بۆ كارمەندانی بیانی جێ بە جێ دەكات كە لە هەرێم كاردەكەن بە مەرجێك .

١ – خاوەن بڕوانامەیەكی زانستی و تەندروستی بێت .

٢ – پشتڕاستكرابێتەوە لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار .

٣ –كاری پیشەیی لە ڕووی تەندروستیەوە بە پێویست بزاندرێت لە هەرێمی كوردستاندا

<u>ماددەی بیست و شەش :</u>

١ – كارمەندانی تەندروستی مامەڵە بە چارەسەرە سەرەتاییەكان دەكەن كە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەسەڵات پێدراوە لە بنكەو مەڵبەندە تەندروستیەكان كە پزیشكی لێ نیە و لە لایەن ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی ( W.H.O ) ڕێكخراوە .

٢– چارەسەرە سەرەتاییەكانی وەك ( O.T.C ) یەكان لە لایەن پیشە تەندروستیەكانی تایبەت بە بواری چارەسەری پیشەیی مامەڵەی پێوە دەكەن .

## بەشی شەشەم

## حوكمە بەرزەفتی و سزاكان ( الاحكام الانظباطية و العقوبات )

## <u>ماددەی بیست و حەوت:–</u>

یەكەم :– بەشی پشكنین و بەدواداچوون : لە لێپرسراو دوو ئەندام پێكدێت كە دەستەی باڵا لە یەكەمین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا هەڵیاندەبژێرێ

دووەم :- بەشی پشکنین و بەدواداچوون ئەو کێشانە چارەسەر دەکات کە لە دەستەی باڵا و ئەنجومەنی راوێژکاری سەندیکاوە بۆی هەواڵە دەکرێن لە بابەت ئەو سەرپێچیانەوە کە پەیوەندیدارن بە رەوشتی پیشەییەوە لەو حالەتانەدا کە لە تایبەتمەندێتی لیژنەکانی بەرزەفتی وەزارەتی تەندروستیدا نین و بۆی هەیە یەکێ لەو سزایانەی خوارەوە بسەپێنێ .

أ – سەرنج ڕاکێشان ( الفات نظر ) .

ب – ئاگادارکردنەوە ( ئینزار ) .

ج – سەرزەنشت کردن ( توبیخ ) .

د – قەدەغە کردنی دەستدانە پیشە بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت .

هـ – لە کاتی گەڕانەوە ( العود) ئەگەر سەرپێچییەکی پیشەیی تری لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا لە مێژووی سەپاندنی سزای یەکەمدا کرد، ماوەیەك دەست دانە پیشەیی لێ قەدەغە دەکرێ کە لە دوو ساڵ تێنەپەڕێ

و – سڕکردن

سێ یەم :- لیژنەی بەرزەفتی ئەو بنەمایە پەیرەو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتووە .

چوارەم :- چاودێری کردنی کارەکانی کارمەندانی تەندروستی کە پیادەی پیشەکەیان دەکەن و هەڵدەستن بە پشکنینی شوێنی کارەکانیان بەپێ ی ڕێنماییەکان کە دەستەی باڵا دەری دەکات .

پێنجەم:-

بۆ هەر یەکێك لەم سەرپێچیانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدرێت سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٦) شەش مانگ ، یان پێبژاردن بە برێك کە لە (٣) ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت.

أ. کارکردن بەبێ مۆڵەتی پیشەیی .

ب. پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی نادروست ساختە یان بەکارهێنانی ڕێگەی نادروست بۆ بە دەستهێنانی مۆڵەت .

ج. بەکار هێنانی هۆکارەکانی پروپاگەندە بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی هاوڵاتیان بۆ باروەرپێکردن لە پیادەکردنی پیشەیی تەندروستی کە پێچەوانەی ڕاستیە .

د. بەکارهێنانی ناونیشانی خاوەن پیشەی بۆ خۆی (انتحال) لە جێ خۆدانان یان خۆ لە جێ دانان بۆ هەر یەك لە پیشە تەندروستیەکان ( انتحال الصفة الشخصية للمهنة ).

ه. پێنەدانی چارەسەر بە هاولاتی نەخۆش بەبێ هۆکارێکی پەسەند .

و. سرینەوەی ناوی لە تۆماری سەندیکاو لێسەندنەوەی پیادەکردنی پیشەکەی و هەر پیشەیەکی تەندروستی تر کە سزادراو بە تاوانی لادان لە رەوەشتی پیشەیی وە ناتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بە درێژایی ماوەی سزادانەکەی بە مەرجێك کە سزاکەی سیاسی نەبێت تا (٦) شەش مانگ لە دوای کۆتایی هاتنی سزاکەی .

ی. هەمان ئەو سزایانە بەسەر کارمەندانی بیانی جێ بە جێ دەکرێت کە لەم یاسایە ئاماژەی پێکراوە

ز. بەکارهێنانی شوێنی کارەکەی بۆ کاری نەشیاو و ئاکار خراپی.

مادەی بیست و هەشت:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت .

مادەی بیست و نۆ :

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەن .

مادەی سی :

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمی جێ بە جێ دەکرێت .

هۆیەکانی دەرچواندن

بۆ رێکخستنی پیادەکردنی پیشەی پەرستاری و تەندروستی و پێشخستن لە لایەنی زانستی و پراکتیکی و دیارکردنی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیادەکردن و سزادانی سەرپێچیکار ئەم یاسایە دەرچوێندراوە.